Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆڵی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی باوانەوە

**هەژار قادر ابراهیم[1] - لیا حسن محمد[2] - ئارام محمد سعید[3] - سیڤان عمر اسماعیل[4]**

[1+3+4] بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی پەروەردە و دەرونزانی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی خوێندنی ئەلیکترۆنییە لە ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی و دیاریکردنی ئاستی ئاڵودەبونەکە لە ڕوانگەی باوانەوە، و زانینی جیاوازی ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی (دایک و باوک)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران پێوەرێکیان ئامادەکردوە بەسود وەرگرتن لە پێوەری توێژینەوەی (السويلمي، ٢٠١٤)، کە لە (٢٢) برگە پێکهاتوە، دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییەکانی پێوەری دەرونی (ڕاستگۆی و جێگیری)، بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشکراوە، کە ژمارەیان (١١٣) دایک و باوک بو، بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ئاماری (T.TEST) بۆ یەک نمونە و دو نمونەی سەربەخۆ ئەنجامەکان دەرهێنراون، کە بەم شێوەی خوارەوە بو: بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی باوانەوە ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان کەمبو، و جیاوازی نەبو بەپێی گۆڕاوی باوک و دایک بۆ ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام دەرکەوت کە خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی هەبو لە ئاڵودەبون بەئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، لە کۆتاییدا بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتوەکان چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێک خراونەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** خوێندنی ئەلیکترۆنی، ئاڵودەبون، ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper2

**Received:** 29-January-2022

**Accepted:** 27-February-2022

**Published:** 29-December-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

Hazhar.qadr@uor.edu.krd

lya.hassan@uor.edu.krd

aram.mohammed89@uor.edu.krd

sivan.omar@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## کێشەی توێژینەوە:

هەمیشە پەروەردکاران بەدوای باشترین و گونجاوترین ڕێگا و شێوازدا گەڕاون بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی فێرکاری کارا بۆ سەرنج ڕاکێشانی قوتابیان و دروستکردنی پاڵنەر بۆیان بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچون و شارەزاییەکانیان. تەکنەلۆژیای زانیارییەکانیش، بە یەکێک لەو هۆکار و ئامراز دادەنرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ژینگە فێرکارییە بەنرخە، لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت پرۆژەی هاریکاری و هاوبەش لە نێوان قوتابخانە جیاوازەکاندا بکرێت، و بەرپرسیارێتی گەڕان بەدوای زانیاری و دارشتنەوەیان دەخاتە ئەستۆی قوتابی، ئەمەش دەبێتەهۆی پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوە، جگە لەوەی هۆکارێکیشە بۆ فراوانبونی توانای زمانی و فێربونی زمانی دوەم و سێیەم لانی کەم لە چەمک و وشە سەرەکیەکاندا، ئەمە وێڕای نزیککردنەوەی مەودا دورەکانی نێوان تاکەکان و گێرانەوەی کات بۆ بەکاربەر و پێدانی زانیاری هەمەجۆر بەکاتی کەمتر(اسماعیل، ٢٠٠٣: ٢٨).

لەم چەند ساڵانەی دوایی بەگشتی و لەدوای گۆڕانکاری لە بازاڕی کار و فراوانبونی مەودای کار و خوێندن، و بڵاوبونەوەی پەتای جیهانی کۆڕۆنا بەتایبەتی، پەروەردکاران و دانەرانی پرۆگرامی خوێندن ناچاربون چاوخشاندنەوەیەک بکەن بەسەر گۆڕانکاری و داواکارییە نوێکان و تەکنیکە بەردەستەکان، وەک ئەو فێرکردن و خوێندنە ئەلیکترۆنی و سەرهێڵەی کە پشت دەبەستیت بە ئینتەرنێت، وەک تاکە ڕێگە و چارەسەر بۆ دۆخی تەندروستی و ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیەکانی بڵابونەوەی (Covid-19) و دانەبڕان لە پرۆسەی خوێندن گیرایەبەر. بەڵام بەکاربردنی ئینتەرنێت و خوێندنی ئەلیکترۆنی، سەرکەوتو نابێت ئەگەر کەموکورتی هەبێت لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕەگەزەکانی خوێندنی ئاسایی (چونە ناو پۆل)، بەجۆرێک کە خوێندنی ئەلیکترۆنی هیچ بەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆ و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و کۆبونەوەی گروپیی فێربونی تێدانییە کە ببێتە هۆی چاندنی بەها پەروەردەییەکان لەناخی قوتابیدا، کە لەکاری هاوبەش و گروپدا بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی تێدا دروست دەبێت (طباس و ملال، ٢٠٢١: ٣٨٥)، هەروەها بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا دەرفەتی فێربونی زیاتر دەبەخشێت، کە زیاترە لەو ئاست و بوارەی کە ناوەندەکانی خوێندن (خوێندنگە، پەیمانگە، زانکۆ) دەیبەخشێت، هەرئەمەش وادەکات کە تاک ئاڵودەی بەکاربردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت بێت و دواجار ببێتە دیاردە لەناو چینە جیاواز و تەمەنە جیاوازەکانی تاکەکانی کۆمەڵ، بەتایبەتیش منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی کە چینێکی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگەن و نەوە و بەڕێوەبەری داهاتوی سەرجەم دامودەزگا و پێکهاتەکانی وڵاتن.

قوتابی بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی، کە لەئەنجامی ئەو لێکترازان و دورکەوتنەوە مرۆییەوە دروست دەبێت، هەوڵدەدات بەدوای جێگرەوەدا بگەڕێت، کە ئەویش سەرگەرم بونیەتی بە ئامێر و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و بەکاربردنی زیاتر، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جارێکی تر بە نەرێنی بەسەر قوتابیدا دەشکێتەوە و هۆگربون و ئاڵودەبون سەرهەڵدەدات و پەیوەندییە مرۆییەکانی بەرەو لاوازی و بەهاکانی بەرەو کاڵبونەوە دەچێت (عبدالمنعم، ٢٠٠٣: ١٦). هەرچەند ڕۆژانە دەبینرێت تاکەکان بەگشتی و منداڵان و هەرزەکاران بەتایبەتی سەرگەرمی بەکاربردنی ئینتەرنێت و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ئامێرە زیرەکەکانن، بەجۆرێک دیاردەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

ئالودەبونی ئەلیکترۆنی بوە بە دیاردەیەکی جیهانی لەناو منداڵان و هەرزەکاران (محمد ومصعب، ٢٠١٩: ٨٨)، بەڵام توێژینەوەیەکی ناوخۆیی زانستی بەردەست نییە سەبارەت بەو کێشەیە. لەم سۆنگەیەشەوە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەو پرسیارانەدا دەبینێتەوە، کە زانیارییەکانی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئالودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دەیهێننە ئاراوە، ئایا خوێندنی ئەلیکترۆنی هۆکارە بۆ ئالودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان؟ ئایا قوتابییان ئالودەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بون؟ ئایا ئالودەبوان لەیەک ئاستدان؟ بۆ دەستکەوتنی وڵامی ئەم پرسیارانەو دەستەبەرکردنی زانیاری بەداتا و بەڵگەی زانستی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا داتا و زانیاری لەڕوانگەی باوانەوە کۆدەکەنەوە، بەو پێیەی باوان بەرپرس و چاودێری ڕاستەوخۆی قوتابییان و لەنزیکەوە و بەوردی سەرنجیان لەسەر ئاکار و کردار و هەڵسوکەوت و گۆڕانکارییەکانی منداڵەکانیانە.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە خۆی لە گرنگیدان بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئەو کاریگەریانەی دروستی دەکات دەبینێتەوە، ئایا خوێندنی ئەلیکترۆنی هۆکارە بۆ سەرگەرمبونی زیاتری بەکاربەر و دواجار ئالودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان؟ چونکە لە ئێستادا ڕێژەیەکی زۆری تاکەکان لەجیهاندا بەکاربەری ئینتەرنێت و ئامێرەکانن، بەپێی ڕوپێوکردنی ساڵانەی (Global internet Report) لە مانگی دیسەمبەری (٢٠٢٠) بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت گەیشتە (٥،٠٨) ملیار بەکارهێنەر، بەزیادکردنی ساڵانەی (٧%)، هەروەها بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتە (٤،٨٦) ملیار، بەزیادبونی ساڵانەی (٥%)، و بەپێی هەمان سەرچاوە ناوەندی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن بەکارهێنەرانەوە نزیکەی (٦ کاتژمێر)ە لەهەر ڕۆژێکدا، واتە سێیەکی کاتی بە ئاگاییان، کە لەڕێگەی مۆبایل و ئایپاد و تابلێت و ئامێرەکانی تر، کە ئینتەرنێتی لێوە بەکاردێت. و ئاماژە بەوەش دراوە، کە ڕێژەی بەکارهێنانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە وڵاتە هەژارەکان ئەم ناوەندە ژمێرەییە کەمترە (ISOC ٢٨،٢٠١٩). کە لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە ساڵانە ڕێژەی بەکارهێنانی ئامێرەکان ڕوی لە زیادبونە بەهۆی هێڵی ئینتەرنێتەوە، و خوێندنی ئەلیکترۆنیش دەشێ هۆکارێکی تری یارمەتیدەر بێت لە بەکارهێنانی زیاتر و وابەستەبونی زیاتری بەکارهێنەرانی بەئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە. چونکە ئەنجامی وابەستەبون و پاشانیش کە ئالودەبونی بەدوادادێت کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ڕەفتار و بەها ئاکارییەکانی بەکارهێنەر کە لەوانەیە سەر بکێشێت بۆ بەلاڕێدابردن و توندوتیژی و بیرۆکەی نادروست، هەروەک لە ڕاگەیاندنەکانەوە گوێبیست دەبین کە ساڵانە چەندان کەس و بەتایبەتیش هەرزەکاران لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەچنە ناو گروپە تیرۆرستییەکان. هەروەها ئەو کاریگەرییە خراپەی لە ئەنجامی ئالودەبونەوە سەرهەڵدەدات سەردەکێشێ بۆ لاوازبون و تەنانەت نەمانی ڕۆڵی باوان، جگە لەوەی پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرەو داڕوخان دەبات، وا لە تاک دەکات بەشێوەیەکی ناکۆمەڵایەتی ڕەفتار بکەن، تەنانەت وا لە هەندێکیان دەکات کە ڕەفتاری توندڕەوی و ڕق و قینە و دژ بەکاربهێنن لەبری قبوڵکردن و ئاشتەوایی و بەیەکەوە ژیان (حمد، ٢٠١١: ١١٢). هەر لەبەر ئەم خاڵە نەرێنیانەی کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دروستیان کردوە (د.کیلفۆرد هیل) سەرپەرشتیاری زانستی لیژنەی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ تێپەڕاندنی گرفتی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە بەریتانیا دەڵێت: "پاکی و بێ گوناهی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

منداڵەکانمان دەستدرێژی کراوەتە سەر بە بەرچاوی خۆمانەوە و بەهاوکاری خۆمان و بەڵکو بەپارەی خۆشمان، هەرچەند ببین مەرج بۆ یارییەکان و بەکارهێنانیان دابنێین هێشتا زۆر دواکەوتوین لە ڕێگریکردن لە پێگەیاندنی نەوەیەک کە پەیڕەوی جۆرەها ڕەفتار و گوتاری توند و شەڕانگێزی دەکات، کە بە لادان لە مێژوی سەردەمەکانی تر ناو دەبرێت" (محمد و مصعب، ٢٠١٩: ٩٠). لایەنێکی تری گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە باس لە خوێندنی ئەلیکترۆنی دەکات بەسەرجەم پێکهاتە و خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانیەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە شتێکی نوێیە و هۆشیاری بەکارهێنەرانی لەئاستی پێویستدا نییە، بەتایبەتی لەلای قۆناغی بنەڕەتی ئەمەش گرنگی توێژینەوەکە زیاتر دەکات، و بەتایبەت کە توێژینەوە جیهانییەکان بەگشتی باس لە کاریگەری نەرێنی ئاڵودەبون دەکەن لەسەر دابەزینی توانای ئەکادیمی و لاوازبونی پاڵنەری خوێندن، بەتایبەت لای منداڵان دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی بیریان، جگە لەوەی کە نەخەوتن بەدرێژایی شەو بەدیار یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێتەوە بە نەرێنی جەستەیی و تەندروستی و فکری و ئەکادیمی بەسەر قوتابیدا دەشکێتەوە (محمد و مصعب، ٢٠١٩: ٩٣). لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکی زانستییە بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری و داتای زانستی لەسەر ئەم پرسە هەنوکەییە، کە بەلای توێژەرانەوە جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەرکردنە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١. ئاستی ئاڵودەبون بەئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی باوانەوە.
٢. جیاوازی ئاستی ئاڵودەبون بەئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی (دایک و باوک).
٣. ڕۆڵی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاڵودەبون بەئامێرە ئەلکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی باوانەوە.

## سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە باوانی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی ( ٧ بۆ ٩) لە سنوری پەروەردەی ڕانیە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١

## پێناسەی چەمکەکان:

یەکەم: خوێندنی ئەلیکترۆنی

-پێناسەی غلوم (٢٠٠٣): بریتییە لە سیستمێکی فێرکاری بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەپاڵپشتیکردن و فراوانکردنی بواری پرۆسەی فێرکاری بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری وەکو: ئامێری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و بەرنامەی ئەلیکترۆنی جۆراوجۆر لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە لە وەزارەت و کۆمپانیاکان (غلوم، ٢٠٠٣: ٣).

-پێناسەی الموسی و المبارک (٢٠٠٥) ڕێگایەکی فێرکارییە بە بەکارهێنانی ئامێرە نوێیەکانی پەیوەندی وەکو کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و دەنگ و ڕەنگ و وێنە، میکانیزمی گەڕان و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و هەروەها گەڕان لە دەروازەکانی ئینتەرنێت یان پرۆگرامی خوێندن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەسەرجەم


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

جۆرەکانییەوە بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە کەسی قوتابی لە کەمترین کات و ماندوبون و زۆرترین سود (الموسی و المبارک، ٢٠٠٥: ١١).

-پێناسەی الطائی (٢٠٠٦) بریتییە لەو ڕێگاو شێوازەی فێرکردن، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت زانیاری و بابەتە زانستییەکان بەئاسانی بە قوتابی بگات، بە بەکارهێنانی هەمو تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکان ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم شێوازی فێربونەدا پێویست ناکات قوتابیان لەپۆلدا ئامادەبن(الطائی، ٢٠٠٦: ٩٤).

-پێناسەی نبیل (٢٠١٠) بریتییە لە ڕێگاو شێوازێکی فێربون و فێرکردن کە پشت بەژینگەی ئەلیکترۆنی دەبەستێ، بە پشت بەستن بە بونی بەرنامە و ئەپڵیکەیشنەکانی کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراون، کە لە ڕێگەیەوە قوتابی بە ئاسانی بەهۆی بونی تۆڕی ئینتەرنێت دەستی پێیدەگات(نبیل، ٢٠١٠: ١٣٢).

دوەم: ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان:

١- ئاڵودەبون:

-بەپێی (فەرهەنگی دەرونزانی و شیکاری دەرونی): بریتییە لە بەردەوام بون لەسەر نەریت و خویەک، کە ماددەیەکی دیاریکراوی پێدەدات، یان هەستان بە چالاکییەکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بەمەبەستی چونە ناو حاڵەتێک لە چێژ و خۆشی و دورکەوتنەوە لە خەم و خەمۆکی (سلیمة، ٢٠١٥: ٢١٤).

-(ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی): حاڵەتێکی دەرونی و هەندێکجار ئەندامییە، کە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان بونەوەری زیندو لەگەڵ ماددەیەکدا سەرهەڵدەدات، لە ئەنجامی ئەو پەیوەستبون و ئاڵودەبونە وڵامدانەوە و شێوازی ڕەفتاری جیاوازی لێدەکەوێتەوە، وەک بەردەوام ئارەزوکردنی پێدانی ماددە یاخود پیادەکردنی بەشێوەیەکی بەردەوام و لێکنەپچڕاو و خولی، بۆ هەستکردن بە شوێنەوارە دەرونیەکەی، یاخود دورکەوتنەوە لەو شوێنەوارە ئازار بەخشانەی کە لەئەنجامی بەردەست نەبونەوە دێتە ئارا، و تاک بە زیاتر لە ماددەیەک ئاڵودە دەبێت (عبدالمعطي، ٢٠٠٤: ١٤٦).

-پێناسەی (النابلسي و محمد، ٢٠٠٤): دەروازەیەکی ئەندێشەییە لەوێنەی واقیعدا لە بەرامبەرماندا، لە ئەنجامی نەتوانینی تاک لە بەرگەگرتنی ئەو واقیعەی کە پەلکێشی دەکات بۆ ڕێگەی ئاڵودەبون (سلیمة، ٢٠١٥: ٢١٤).

٢- ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان:

-(نەخۆشخانەی چارەسەری بۆ پزیشکی دەرونی و چارەسەری ئاڵودەبون، ٢٠٢٠): شڵەژانێکی دەرونییە، کە پاڵ بەتاکەوە دەنێت بەچێژەوە بگەڕێت، یاری بکات، بازاڕ بکات، قومار بکات، ئەمەش بۆ پەرچدانەوەی پێویستییەک یاخود کەم و کورتییەک یان بۆشاییەکی دەرونی، کە ئەم بۆشاییە یاخود بێزارییە وای لێدەکات بەدوای چێژدا بگەڕێت، لە ڕێگەی پەنابردنەبەر ئەو ڕێگانەی لەسەرەوە باسکران کە دواجار دەبێتە هۆی ئاڵودەبون و گۆڕانکاری لە مێشک و پاشان هەرەسهێنانی تاکی بەکارهێنەر (المستشفی التعافي، ٢٠٢٠).

-پێناسەی جلال و محمد (٢٠٠٥) ئارەزویەکی قوڵ و زیاد لە پێویستە بۆ بەسەربردنی زۆرترین کاتی لە بەرامبەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، کە جۆرێکە لە گەڕانی هەستی بۆ وروژێنەر یاخود چالاکییە جۆراوجۆرەکان بەئامانجی تێربون، بەهۆیەوە سەرقاڵبونی هزری بەو وروژێنەر و چالاکیانەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

سەرهەڵدەدات تەنانەت ئەگەر ئینتەرنێتیش بەردەست نەبێت بۆی، کار لە دۆخی دەرونی و ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی تاک دەکات (بن مداني، ٢٠١٨: ١٠).

-پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ ئاڵودەبون بەئامێرە ئەلیکترۆنییەکان: ئارەزویەکی زیاد لە پێویستە بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، بەجۆرێک هەست و وروژێنەر و ئاگایی تاک ئاوێزانی ئامێرەکان دەبێت و دواجار ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ تێکدانی دۆخی هاوسەنگی دەرونی، کە کاردانەوەی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەکادیمیش بەدوای خۆیدا دێنێت.

-پێناسەی کرداری: تێکڕای ئەو نمرەیەیە کە توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی کە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوە.

٣-ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان: پێناسەی (بن مداني، ٢٠١٨) سەرجەم ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنییە تایبەتانە دەگرێتەوە کە فەرمانی جۆراوجۆریان پێ جێبەجێدەکرێت، کە ئامێری خاوەن تایبەتمەندی و سیفاتی بەرز و توانایی و توانستی لەڕاددەبەدەرن (بن مداني، ٢٠١٨: ١٠).

## چەمکی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

خوێندنی ئەلیکترۆنی هەمو ئەو بوارانەی فێرکردن دەگرێتەوە، کە بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتو و میکانیزمەکانی تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێ (الخفاجي، ٢٠١٥: ٨٣)، یان بەو ڕێگاو شێوازانە دەوترێت، کە دەگیرێنە بەر بە مەبەستی پێشکەشکردنی فێربون و فێرکردن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، کە پشت بە ئامرازە تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکان دەبەستێت بە بەکارهێنانی تۆڕی زانیارییەکان و کۆمپیوتەر (عطية، ٢٠١٣: ٣) یان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایی بەهەمو جۆرەکانی بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ قوتابی بە کەمترین کات، گەورەترین سود (الموسى و الاعرجي، ٢٠٢٠ : ٦)، واتە ئەو جۆری خوێندنەیە کە پشت بە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی دەبەستێت لە پەیوەندی نێوان مامۆستایان و قوتابیان و مامۆستا و دامەزراوەی فێرکارییەکاندا، خوێندنی ئەلیکترۆنی هاوشێوەی خوێندنی ئاساییە، پشت بە میدیای ئەلیکترۆنی و ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستێت، و خوێندنەکە مۆڵەتی ڕاستەقینەی هەیە (علي، ٢٠١٧: ١٥٣)، (المبيريک، ٢٠٠٣) پێیوایە خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەو جۆرە خوێندنەیە کە لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجامدەدرێت، بەشێوەیەک دامەزراوەی پەروەردەیی دیزاینی دەکات و بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن دادەڕێژێت لەسەر بنەمای ئاستی جۆراوجۆر وەک پرۆگرامی دەرچو، یان پرۆگرامی ڕاهێنانی جۆراوجۆر، کە قوتابیان و لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە فێردەبن و دەتوانرێت زانیاری و فیدباک بەدەست بهێنرێت، بەپێی خشتە داڕێژراوەکان فێرکارییەکە ئەنجامدەدرێت (المبيريک، ٢٠٠٣: ٦)، خوێندنی ئەلیکترۆنی سیستمێکی خوێندنە کە تەکنەلۆژیایی زانیاری و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەکاردێنێت لەپەتەوکردن و فراوانکردنی پرۆسەی خوێندن لەڕێگەی کۆمەڵێک ئامرازەوە لەوانە: کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، پرۆگرامی ئەلیکترۆنی، کە لەلایەن پسپۆڕانی وەزارەت یان کۆمپانیاکانەوە ئامادەکراوە (غلوم، ٢٠٠٣: ١٠)، هەروەها ڕێگایەکە بۆ فێرکردن یان ڕاهێنان زیاتر پشت دەبەستێت بە فێربونی خودی، کە قوتابی ئەنجامی دەدات بۆ بەدەستهێنانی فێربون لە هەرکات و شوێنێکی جیهان بێت، وەک جێگرەوەیەکە بۆ فێربونی ناو پۆل(أحمد، ٢٠١٢: ٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## جۆرەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

سالم (٢٠٠٤) ئاماژە بەوە دەدات، کە دو جۆری خوێندنی ئەلیکترۆنی هەیە:

یەکەم: خوێندنی هاوکات Synchronous E-Learning: خوێندنی ئۆنلاین پێویستە لە هەمان کاتدا فێرکار و قوتابی لەسەر کۆمپیوتەر ئامادەبن بۆ وانە وەرگرتن و گفتوگۆکردن لە نێوانیان هەروەها لە نێوان قوتابیانیشدا لەڕێگەی ژورەکانی چات.

دوەم: خوێندنی ناهاوکات Asynchronous E-Learning: خوێندنی ناراستەوخۆیە پێویست ناکات لە یەک کاتدا و لە هەمان شوێندا قوتابی و فێرکار هەبێت و لە ڕێگەی چەند تەکنیکێکی فێربونی ئەلیکترۆنیەوە ئەنجام دەدرێت وەک ئیمەیڵ کە زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکرێت لەنێوان فێرکار و قوتابیان هەروەها لە نێوان خودی قوتابیانیشدا لەکاتی یەک لەدوای یەکدا و قوتابی خۆی ئەو کات و شوێن هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵی دەگونجێت (سالم، ٢٠٠٤: ٢٨٤).

## ئامانجی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

خوێندنی ئەلیکترۆنی چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە:

١. دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەی و فێرکردنی دەوڵەمەند و فرە سەرچاوە، کە خزمەتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بکات لە سەرجەم لایەنەکانەوە.
٢. چاکسازیکردن لە شێوازی پەروەردە و فێربون بەو پێیەی لەگەڵ دوایین پێشهاتەکان لە هزری پەروەردەیدا بگونجێ.
٣. هاندان و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان سیستەمی پرۆسەی پەروەردەیی وەک پەیوەندی نێوان ماڵ، قوتابخانە، قوتابخانە و ژینگەی دەوروبەر.
٤. بەمۆدێلکردن و پێشکەشکردنی خوێندن بەفۆرمێکی ستاندارد و نایاب، وانەکان بەشێوازێکی ئاسایی پێشکەش دەکرێن و ڕاهێنانی پەروەردەیی دەتوانرێت دوبارە بکرێتەوە.
٥. گواستنەوەی شارەزایی پەروەردەیی لەڕێگەی دروستکردنی کەناڵ و مەکۆی پەیوەندیەوە لە نێوان مامۆستایان و ڕاهێنەران و سەرپەرشتیاران و سەرجەمی ئەو کەسانەی کە لە کاروباری پەروەردەیی کاردەکەن (لال و الجندی، ٢٠٠٥: ٣٨٨).
٦. ئامادەکردنی نەوەیەک لە مامۆستایان و قوتابیان، کە توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ تەکنەلۆجیا و لێهاتویی سەردەمەکاندا هەیە. هەروەها ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە جیهان شایەدی دەدات.
٧. یارمەتی بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگادا دەدات بۆئەوەی ببێتە ڕۆشنبیریەکی ئەلیکترۆنی و بەردەوام بێت لەوەی دەگوزەرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

٨. سود له‌ چه‌ندین به‌رنامه‌ی كارپێكراو وه‌رده‌گرێت له‌ بواری فێركردندا ده‌بێته‌ هۆی بره‌ودان به‌بواره‌كانی فێربونی خودی و توێژینه‌وه‌كان، كه‌ ده‌بێته‌ هۆی باشتركردنی چۆنیه‌تی فێربون و فێركردن (السقا و الحمدانی، ٢٠١٢: ٥١).

٩. به‌شداری ده‌كات له‌ دروستكردنی ژێرخان و بناغه‌یه‌كی دامه‌زراوه‌یی ڕۆشنبیری به‌ مه‌به‌ستی ئاماده‌كردنی كۆمه‌ڵگای نه‌وه‌ی نوێ بۆ داخوازیه‌كانی سه‌ده‌.

١٠. به‌ره‌و پێشبردنی ڕه‌وتێكی ئه‌رێنی به‌ره‌و ته‌كنه‌لۆژیای زانیاری له‌ ڕێگه‌ی به‌كارهێنانی تۆڕی زانیارییه‌وه‌، به‌م شێوه‌یه‌ كۆمه‌ڵگایه‌كی زانیاری پێشكه‌وتو دروست ده‌بێت.

١١. چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ و بارودۆخه‌كانی ژیانی ڕاسته‌قینه‌ له‌ناو ژینگه‌ی قوتابخانه‌ و به‌كارهێنانی سه‌رچاوه‌كانی تۆڕی زانیارییه‌وه‌، بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كان (موسى و الاعرجي، ٢٠٢٠: ١٠١).

## تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی خوێندنی ئه‌لیكترۆنی:

خوێندنی ئه‌لیكترۆنی به‌چه‌ند تایبه‌تمه‌ندیه‌ك ده‌ناسرێته‌وه‌ له‌وانه‌:

١. فێركار پێویستی به‌دابینكردنی ته‌كنه‌لۆژیای دیاریكراو هه‌یه‌ وه‌ك كۆمپیوته‌ر و تۆڕه‌كانی ئینته‌رنێت.

٢. پشت به‌ هه‌وڵه‌كانی قوتابی ده‌به‌ستێت له‌ فێركردنی خۆی (فێربونی خودی)، هه‌روه‌ها فێربون له‌گه‌ڵ هاوپۆله‌كانی له‌ گروپه‌ بچوكه‌كان (فێربونی هاوكاری) یان له‌ ناو پۆله‌كه‌ له‌ گروپه‌ گه‌وره‌كاندا (زیتون، ٢٠٠٥: ٢٤).

٣. پابه‌ندنه‌بون به‌ كات و شوێنێكی دیاریكراوه‌وه‌.

٤. دابینكردنی ژینگه‌یه‌كی گونجاو بۆ په‌روه‌رده‌ و فێربون كه‌ دوره‌ له‌ هه‌مو مه‌ترسییه‌كی تر.

٥. هانی فێربونی به‌رده‌وام ده‌دات به‌درێژایی ته‌مه‌ن فێركار ده‌توانێت فێرببێت به‌بێ ئه‌وه‌ی پابه‌ند بێت به‌ ته‌مه‌نێكی دیاریكراوه‌وه‌، واته‌ مه‌رجی ته‌مه‌نی نییه‌ بۆ خوێندن.

٦. ئاسانه‌ بۆ نوێكردنه‌وه‌ی به‌رنامه‌ و وێب سایته‌كان له‌ ڕێگه‌ی تۆڕی زانیاری جیهانی (سالم، ٢٠٠٤: ٢٩٢).

## لایه‌نه‌ نه‌رێنییه‌كانی خوێندنی ئه‌لیكترۆنی:

١. قوتابیان ده‌بێت توانای شاره‌زایی باشیان له‌ به‌كارهێنانی كۆمپیوته‌ری هه‌بێت، كه‌ ئه‌مه‌ش هه‌ندێجار زه‌حمه‌ته‌.

٢. ده‌بێت ناوه‌نده‌كانی خوێندن شاره‌زاییه‌كی زۆری هه‌بێت سه‌باره‌ت به‌ مامه‌ڵه‌كردن و به‌كارهێنانی كۆمپیوته‌ر چۆنیه‌تی مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ قوتابیان.

٣. پێویستی به‌ سیسته‌می به‌ڕێوه‌بردن و به‌دواداچون هه‌یه‌ بۆ چۆنیه‌تی ئاماده‌بونی قوتابیان.

٤. نه‌بونی سه‌ركردایه‌تی كاریگه‌ر، نه‌بونی ڕاهێنانی پێویست، نه‌بونی كه‌ره‌سته‌ و ئامرازی پێویست (صالح، ٢٠١٣: ٥٨٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

٥. لەڕوی تێچونی ماددەییەوە تێچونی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە بەراورد بە خوێندنی ناوپۆل، خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕێژەی تێچونی زیاترە.

٦. پێویستی بە بەردەستبونی تۆڕی ئینتەرنێتی بەردەوامی هەیە، لە ناوەندەکانی خوێندن ئەمەش هەندێک کات قورسە.

٧. لە خوێندنی ئەلکترۆنیدا پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی زۆر لاوازە بە بەراورد بە خوێندنی ناوپۆل (المحسین و هاشم، ٢٠٠٨: ٣٨).

٨. لەڕوی تەندروستییەوە زیان بەلایەنی جەستەیی و دەرونی دەگەیەنێ، وەک قەڵەوی چاوکزی و...هتد یان لەوانەیە هەندێجار ببێتە هۆی ئاڵودەبون لە ئەنجامی زۆر دانیشتن بە دیار شاشەی کۆمپیوتەرەوە.

٩. نەبونی شارەزای باش لەلای هەندێ لە قوتابیان، ئەمەش قورسە بۆ بەکارهێنانی لەلایەن ئەو قوتابیانەوە.

١٠. خوێندنی ئەلیکترۆنی لەلایەنی فێرکارییەوە جیاوازە، هەندێ لەو کارامەییانەی لە خوێندنی کلاسیکی لەناودەبات، بۆ نمونە قوتابی ئەو چێژەی کە لە پەرتوک قەڵەم و کاغەز دەیبینێت لەوەیە لە خوێندنی ئەلیکترۆنی نەی بینێت.

١١. هەندێجار قوتابی توشی بێزاری و بێتاقەتی دەبێت بەهۆی زۆر دانیشتن بەدیار شاشەی کۆمپیوتەرەوە (عبدالرووف، ٢٠١٤: ٢٣٧)

## ئاستەنگەکانی خوێندنی ئەلکترۆنی لە کوردستان:

١. نەبونی کەرەستە و ئامێری کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێتی پێوست، لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٢. نەبونی شوێن و جێگەی پێویست لە ماڵەکاندا بۆ قوتابیان، هەروەها نەبونی کارەبا و هێڵی ئینتەرنێتی پێویست لە سەرجەم ماڵەکان.

٣. قورسە بتوانرێت هەمو قوتابیان لە یەک ماوەدا بتوانن ئەنجامی بدەن بەهۆی نەبونی کارەبا و ئینتەرنێتی پێویست لە سەرجەم کوردستان.

٤. بەو پێیەی بەشێک لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە لادێیەکانن، کە کارەبا و هێڵی ئینتەرنێتی پێویستیان لەبەردەست نییە ناتوانن وانەکان بخوێنن لە کاتی خۆیدا، قوتابی ناچاردەبێت درەنگتر وانەکەی بەدەست بگات ئەمەش بواری پرسیارکردن ناهێڵێتەوە بۆ قوتابییەی، کە لە شتێک تێنەگەیشتبێت (صادق و قادر، ٢٠٢١: ٣٨٨).

## ئاڵودەبون :

ئاڵودەبون وەک وشە ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەسەر ڕەفتار، کە تاک ناتوانیت ئەم ڕەفتارە نەخوازراوە بوەستێنێت، سەرەڕای ئەنجامە خراپەکانی ئەم هەڵسوکەوتە لەسەر تاک، ئاڵودەبون بەشێوەیەکی گشتی پێناسە دەکرێت بە نەتوانینی دەرونی و جەستەیی بۆ وەستاندنی بەکارهێنانی ماددەیەکی تایبەت یان چالاکی و ڕەفتارێکی تایبەت یان بەکارهێنانی ئامێرێکی دیاریکراوە، بەتایبەتی ئەگەر ببێتە خولیایەکی ناچاری و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

بەردەوام، نەتوانێت واز لە بەکارهێنانی بهێنرێت (ارنوط، ٢٠٠٧: ٣٧)، یەکێک لە دیارترین نیشانەکانی ئاڵودەبون کە دەتوانرێت لە تاکدا تێبینی بکرێت ئەوەیە ناتوانیت لە ماددەیەکی دیاریکراو دوربکەوێتەوە یان هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بوەستێنێت، هەمیشە خواستی زیاددەکات بۆ بەکارهێنانی ماددەکە یان ئەنجامدانی ڕەفتارەکە، ئەمە سەرەڕای پشتگوێخستنی ئەنجامە خراپەکانی لەڕوی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتیەوە کە توشی دەبێت (علی و عبدالرزاق، ٢٠١٩: ٢٣).

## ئاڵودەبونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان:

(شابیرا و هاوەڵانی، ١٩٩٩) پێناسەی دەکەن بە نەتوانینی تاک لە کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی پەکخستنی کارو کردارەکانی و نیشاندەری نارێکی دەرونی (حسن، ٢٠١٥: ١١)، یاخود ڕاهاتنە بە شتێکەوە نەتوانین بەجێی بهێڵن، ئاڵودەبونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان وەک ئاڵودەبونی هەر شتێکی تر وایە مەبەستمان لە زیاد بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە، کاتێک منداڵ یان هەرزەکار لەبەردەمیدا دانیشتوە و بەم شێوەیە دەبێتە زیندانی و کۆیلەی ئەو ئامرازانە کاتێک ڕێگری لە بەکارهێنانی دەکەیت، هەستێکی بەردەوام و پەرۆشی بۆی هەیە دەبێتە خەمی سەرەکی (حمد، ٢٠١٨: ١١١)، خوەیەکی ناچارییە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە دەرونی و جەستەییەکانی تاک دادەنێت، ئەمە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و دەرونی و بەختەوەری تاکە، لە جیاتی بەرەنگاربونەوەی کێشە و گوشارەکانی ژیان، بۆ ڕزگاربون لە ڕوداوەکانی ڕابردو، تاک بە وەڵامدانەوەیەکی نەگونجاو وەڵامی ئەو ڕوداوانە دەداتەوە بە پەنابردن بۆ میکانیکی هەڵە (یوسف، ٢٠٠٩: ٢٢٧)، (Eloujifa & Elrouko، 2008 ) پێیان وایە ئاڵودەبونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان واتە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بێ کۆنترۆڵی خودی وەک دۆخی نەخۆشی وایە، کە دەبێتە هۆی نارێکی و نەخۆشی، یان خوی هەمیشەیی تاکە، کە کاتێکی زیاتر کات بەسەردەبەن لەسەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (علي، ٢٠١٠: ٥٥).

## نیشانەکانی ئاڵودەبونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان:

(علی، ٢٠١٠) نیشانەکانی ئاڵودەبونی بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی بەم شێوەی خوارەوە دابەشکردوە:

یەکەم: نیشانە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان: (ئارەزوی بەردەوامی بۆ بەکارهێنان، ئازاری زۆر، دەمارگیری و شڵەژانی زۆر، نارێکی میزاجی، جیاوازی لەگەڵ خێزان و دۆستان، کەمکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی).

دوەم: نیشانە جەستەییەکان: (ماندویی، بێهودەیی، تێکچونی خەو و بێ خەویی، ئازاری پشت و مل، هەوکردنی چاوەکان)(علی، ٢٠١٠: ١٩)

هەروەها (أبو غزالة،٢٠١٠) چەند نیشانەیەکی بۆ ئاڵودەبون بەئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەگشتی دەست نیشانکردوە، لەوانە:

١. زیاد بەکارهێنان بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر، بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەریەک.
٢. شڵەژان و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەکاتی بەردەست نەبونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.
٣. پشتگوێ خستنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و خێزانی و پیشەییەکانی بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

٤. لە دەستدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دواخستنی کار و پیشەکەی بەهۆی بەکارهێنانی زۆری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە (أبو غزالة، ٢٠١٠: ٥٧)

## هۆکارەکانی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان :

هەرچەندە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ئامرازێکی پێشکەوتون خزمەتگوزاری بۆ هەمو گروپەکان دابین دەکات، بەڵام هەندێک لە توێژینەوەکان ئەوەیان پشت ڕاستکردۆتەوە کە کەسانی ئاڵودەبو کاراکتەری تورە و نیگەرانن، هەروەها بەدەست بەتاڵی و بێزاری و تەنیاییەوە دەناڵێنن. ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئاڵودەبونی بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بریتین لە:

١. نەبونی پشتیوانی سۆزداری.
٢. تاک لەڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە هەوڵدەدات لە فشارە دەرونییەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕزگاربێت(مصري، ٢٠٠٦: ١٧٣).
٣. باشبونی باری دارایی و زۆربونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و بەردەستبونی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت.
٤. کاریگەری هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی بەتایبەتی ئەگەر ئاڵودەبن بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (سليمة، ٢٠١٥: ٢١٧).

## چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئاڵودەبون:

جریفش(١٩٩٦) چەند نیشانەیەکی دیاریکردوە بۆ ناسینەوە دەستنیشانکردنی کەسانی ئاڵودەبو لەوانە:-

١. ڕەفتاری دەرکەوتو: ئەمەش کاتێک ڕودەدات کە ڕەفتاری ئاڵودەبون ببێتە گرنگترین چالاکی لە ژیانی تاکدا، خۆشحاڵە بە تێگەیشتن و هەستی خۆی سەبارەت بە ڕەفتاری دەرکەوتوی.
٢. گۆڕانی میزاج: شارەزای ئەزمونی خۆی هەیە و لە ئەنجامی ئەم ڕەفتارەدا هەستی پێدەکات و دەتوانێت وەک ڕێگایەک بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەکی پراکتیکی بۆ پاراستنی کاریگەرییەکانی نەبونی خۆی ببینرێت، کە ڕەنگە لەگەڵیدا بێت یان لەگەڵی نەبێت.
٣. خۆڕاگری: پرۆسەیەکە کە لەڕێگەیەوە چەندایەتی یان بڕی چالاکی یان ڕەفتارێکی پێویست زیاد دەکات بۆ بەدەستهێنانی هەمان کاریگەری بژمێردرێت، بۆنمونە کاتێک قومارکەر قومار دەکات، قەبارە یان بڕی قومارکردنەکەی زیاد دەکات تا ئەو کاتەی هەست بە تازەبونەوە دەکات.
٤. پشت بەستو: حاڵەتێکی دەرونیە تاکەکە واهەست دەکات دەبێت پشت بە بابەتی ئاڵودەبونەکە ببەستێت.
٥. توشبون بە ململانێ: کەسی ئاڵودەبو ئارەزویەکی بەردەوامی هەیە بۆ کەمکردنەوەی کاتەکانی، ئەمەش بونی لەناو کۆمەڵگە و هەلی ئیشکردن و فێربونی دەخاتە مەترسییەوە، ئەمەش هەموی بەهۆی زیادەڕەویکردنە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هەروەها پشتگوێ خستنی کار و ئەرکە کۆمەڵایەتی و پیشەیی و خێزانیەکان(القاضي، ٢٠٢٠: ١٢١).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## ئەو تیۆرانەی کە ئالودەبونیان ڕاڤەکردوە:

١. تیۆری داینامیکی کەسایەتی: ئەم تیۆرییە ئالودەبونی وەک وەلامێک بۆ هەلاتنی لە فشار و نائومێدی دەبینێت وەک ئەلتەرناتیڤ بۆ گەیشتن بە دلخۆشی، بۆئەوەی چێژێکی ڕاستەوخۆی دەستبکەوێت، نکۆلیکردنی لە ڕادەبەدەریش یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ئالودەبونە، پێیان وایە کەسی ئالودەبو پشت بەستن بە ئەزمونەکانی مندالی کە ڕۆلێکی سەرەکی و کاریگەری دەبینێت لە پێشکەوتنی کەسێتی تاکو ڕەفتاری ئالودەبونەکەیان بشارنەوە و پیشانی نەدەن، هەروەها گۆڕانی فشارەکانی ژیان و ئەو قەیرانانەی کە تاک ڕوبەڕوی دەبێتەوە و ئامادەیی و ئەزمونە کەسیەکانی ئارەزوی ئالودەبونی لەلا زیاتر دەکات.

٢. تیۆری ڕەفتارییەکان: ڕەفتاری ئالودەیی دەکەوێتە ناو ئەزمونەکانی ڕابردوی تاک و ئەو ژینگەیەی کە تێیدایە، ئەمەش لەڕێگەی پرۆسەی فێربونەوە کە تێیدا گۆڕینی ڕەفتاری تاک بە پشتیوانی یان سزادانێکی سەرنجڕاکێش وەلام دەدرێتەوە لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەو گۆڕانکاریانەش وەک وەلامدانەوەیەکە بۆ ژینگەکەی، لێرەدا ئەرک و هەلسوکەوتی تاک لە ژێر مەرجی جێبەجێکردن (سکنەر) دایە کە تێیدا کەسێکە بەئەرێنی یان نەرێنی یان سزا دەدرێت(علی و الاخرون، ٢٠١٩: ٢٥).

## توێژینەوەکانی پێشو :

١- الحازمی، ٢٠٠٨

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی واقیعی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە قوتابخانەی ئەهلی هەلبژێردراو لەشاری ریاض بە تێڕوانینی مامۆستایان و قوتابیان، زانینی ئاستی سودلێوەرگرتنی، نمونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە (١٠٠) مامۆستا و (٤٠١) قوتابی، لەم توێژینەوەیەدا ڕاپرسی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەکارهاتوە، دەرکەوت مامۆستایان زانینیان لە ئاستی مام ناوەند دایە سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی، و کارامەییەکی بەرزیان هەیە، توانای مرۆیی و ئامێری پێویست بونی هەیە، ئاستی سودلێوەرگرتن لە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی بەرزدایە، هەرچەندە بەربەستەکانی لە ئاستێکی بەرزدان، سەبارەت بە قوتابی ئاستی زانستیان لەئاستێکی بەرزدایە بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی، و کارامەییەکی بەرزیان هەیە، قوتابیان سود لە خوێندنی ئەلیکترۆنی وەردەگرن بە ئاستی مام ناوەند بۆ بەرز(الحازمی، ٢٠٠٨: ل).

٢- السويلمي، ٢٠١٤

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ئالودەبونی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی، زانینی ئاستی ئالودەبونی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان و پەیوەندی بە کارلێکی کۆمەلایەتی و متمانەبەخۆبون، نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (٦٠٠) قوتابیی نۆێ بنەڕەتی بەجۆرێک (٣٠٠) نێر و (٣٠٠) مێ، لەم توێژینەوەیەدا پێوەری ئالودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەکارهاتوە، دەرکەوت کە ڕێژەی (٣٣،٦%) قوتابیان ئالودەی بەکارهێنانی ئامێری


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

ئەلکترۆنین بەڕێژەیەکی کەم، و (٥٢,٩%) لە ئاستی مام ناوەندن، و (١٣,٥%) ئالودەبون بەڕێژەیەکی زۆر، ئاستی ئالودەبونەکە کاریکردوەتە سەر کارلێکە کۆمەلایەتییەکانی قوتابیان، هەروەها هۆکارێکیش بوە بۆ کەمبونەوەی متمانە بەخۆبون لای قوتابیان(السویلمی، ٢٠١٤: ٣).

## لایەنە مەیدانیەکانی توێژینەوە:

لێرەدا توێژەران باسی هەمو ئەو هەنگاوەکانی زانستیانە کردوە کە گرتونیانەتە بەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، کە برتیین لە میتۆدی توێژینەوە و کۆمەلگە و نمونەی توێژینەوە، کە بەکارهاتون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی باسەنی بەکارهاتوە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە یەکێکە لەو میتۆدانەی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە بواری دەرونی و کۆمەلایەتیدا و داتا و زانیاری دەدات لەسەر دیاردەکە بەو شێوەیەی کە لە ئێستادا هەیە، (بێست) دەلێت: توێژینەوەی وەسفی بایەخ دەدات بە توێژینەوەکردنی پەیوەندی نێوان ئەوەی هەیە لەگەل ڕوداوە پێشنییەکان دەدات (بۆکانی، ٢٠١٦: ٨٦).

**یەکەم: کۆمەلگەی توێژینەوەکە:** کۆمەلگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لەسەرجەم باوانی قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی قەزای ڕانیە بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) کە ژمارەیان (١٧٤٦١) قوتابی بو.

**دوەم: نمونەی توێژینەوە:** توێژەران نمونەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە دیاریکرد، کە پێکهاتبو لە (١١٣) باوانی قوتابیان.

**سێیەم: ئامرازەکانی توێژینەوە:** لەپێناو بە دەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بەمەبەستی کۆکرنەوەی زانیارییەکان ڕاپرسی بەکارهێنراوە، و بەپشت بەستن بە توێژینەوەکانی پێشو و سودبینین لە پێوەرێکی ئامادەکراو، توێژەران پشتیان بەست بە پێوەری (السویلمی، ٢٠١٤)، کە لە (٢٧) برگە پێکهاتوە، دواتر دەستکرا بە دەرهێنانی تایبەتمەندیەکانی پێوەری دەرونی و کۆمەلایەتی (ڕاستگۆی و جێگیری) بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەل کۆمەلگەی توێژینەوە بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

- ڕاستگۆی وەرگێران (الصدق الترجمة): ڕاستگۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییە زانستیەکانی هەر پێوەرێک لە بواری توێژینەوەی زانستیدا، تاکو ئامرازی توێژینەوەکە بە ئامرازێکی دروست دابنرێت، کە توانای پێوانەکردنی دیاردەی باسلێکراوی هەبێت (ابراهیم، ٢٠٠٠: ٤٣) بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی وەرگێران، سەرەتا پێوەر درا بە شارەزایەکی زمانی کوردی، کە زمانی عەرەبی بەباشی دەزانیت بۆ ئەوەی پێوەرکە وەرگێرێتە سەر زمانی کوردی، پاشان پێوەرە کوردییەکە درا بە شارەزایەکی زمانی عەرەبی کە زمانی کوردی دەزانێت بۆ ئەوەی پێوەرەکە وەرگێڕێتەوە سەر زمانی عەرەبی، دواتر هەردو پێوەرە عەرەبی و کوردییەکە درا بە پسپۆرێکی دەرونزانی کە شارەزایە لە زمانی عەرەبیدا و کوردیدا هەبێت بۆ ئەوەی ڕادەی لەیەکچونی بڕگەکان دەستنیشان بکات بۆ دلنیابون لە ڕاستگۆی پێوەرەکە بە زمانی کوردی، پرۆسەکە بەسەرکەوتوی ئەنجامدرا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

- ڕاستگۆیی ڕواڵەت: بەمانای ڕاستی تاقیکردنەوە دێت، واتە ئەو پرسیارانە کە لەبەردەستدان بۆ توێژینەوەکە، کاتێک دەمانەوێ پێوانەی شتێک بکەین دەبێ پرسیارەکان تایبەت بن بەو بوارە (قادر، ٢٠١٦: ١٧١). بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی توێژەران پشتیان بەستوە بە (ڕاستگۆی ڕواڵەت) پێوەرەکە دابەشکرا بەسەر پسپۆڕانی دەرونی و پەروەردەیی و دوای وەرگرتنەوەیان بە پشت بەستن بە ڕێژەی (٨٠%)ی ڕازیبونی پسپۆڕان و گۆڕانکاری لە برگەکانی گۆڕانکارییەکان لە خشتەی (١) خوارەوە ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (١) گۆڕانکاری ڕاستگۆی ڕواڵەت

| برگەی لادراو کە ٨٠% ڕەزامەندی پسپۆڕانی نەبوە | برگەی گۆڕانکاری تێدا کراو لەسەر ڕاسپاردەی پسپۆڕان | برگەکانی وەکو خۆیان مانەوە |
|---|---|---|
| ٥ برگە | ٩ برگە | سەرجەم برگەکانی تر کە ژمارەیان ١٣ برگەبو وەکو خۆیان مانەوە |

- جێگیری: بەپێوەرێک دەوترێت جێگیر ئەگەر ئەنجامی نزیک لەیەکتر بدات بەدەستەوە کاتێک دوبارە پێوەرێک جێبەجێ دەکەین لە هەمان کات و بابەت بەمەرجێک هیچ گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتبێت (قادر، ٢٠١٦: ١٧٠)، بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری بە شێوە (ئەلفا کرو نباخ): دوای دابەشکردنی (٤٠) فۆرمی ڕاپرسی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەمان و دەرهێنانی ئەنجام بە پرۆگرامی (SPSS) دەرکەوت جێگیری بەشێوەی ئەلفا کرونباخ بریتییە لە (٠،٨٩).

**چوارەم: جێبەجێکردنی کۆتایی:** دوای ئامادەبونی پێوەرەکە بەشێوەیەکی کۆتایی لە بەرواری (٢٠٢١/١٠/٢٠) بۆ (٢٠٢١/١٠/٢٩) پێوەرەکە دابەشکرا بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، داتاکەمان ئامادەبو بۆ دەرهێنانی ئەنجام.

**پێنجەم: هۆکاری ئاماری:** بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە پرۆگرامی هەگبەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنرا لەناو پرۆگرامی ئاماریش ئەمانە بەکارهێنران.

١. T.TEST بۆ یەک نمونە و دو نمونەی سەربەخۆ.
٢. الفا کرونباخ

**خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:**

بە مەبەستی شیکردنەوە و ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئامانجەکان دوای داخڵکردنی داتاکان توێژەران هەستان بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی یەک بەیەکی ئەو ئامانجانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا هاتبون، بەمشێوەیەی خوارەوە:

سەرەتا بەر لە خستنەڕوی ئامانجەکانی توێژینەوە، لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکان ئەم زانیاریانەی خوارەوە بەدەست هاتن:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

١- لە کۆی نمونەی توێژینەوەکە کە (١١٣) باوانی قوتابی بو، (٦٣) قوتابیەکانیان بەشداری خوێندنی ئەلکترۆنیان کردبو و (٥٠) قوتابییەکانیان نەیانتوانیوە بەشداری خوێندنی ئەلکترۆنی بکەن.

٢- جیاوازی هەبو لەو ئامێرانەی کە لەلایەن قوتابیانەوە بەکاردەهێنران بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی (٢) بەکارهێنەرانی جۆرەکانی ئامێری ئەلیکترۆنی

| جۆری ئامێر | ژمارەی بەکارهێنەر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مۆبایل | ٦٢ | %٥٥ |
| ئایپاد | ٣٤ | %٣٠ |
| جۆری تر | ٢ | %٢ |
| زیاتر لە یەک جۆر | ١٥ | %١٣ |
| کۆی گشتی | ١١٣ | %١٠٠ |

٣- سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەپێی کات بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی (٣) کاتی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان

| ماوەی بەکارهێنان | ژمارەی بەکارهێنەران | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕۆژانە بە بەردەوامی (٦ کاتژمێر) | ١٨ | %١٦ |
| ڕۆژانە بە مامناوەندی (٣ کاتژمێر) | ٥٠ | %٤٤ |
| ڕۆژانە بە کەمی (١ کاتژمێر) | ٢٣ | %٢٠ |
| هەفتەی چەند جارێک | ١١ | %١٠ |
| هەفتەی (١) جار | ١١ | %١٠ |
| بەدو هەفتە جارێک | ٠ | %٠ |
| مانگی (١) جار | ٠ | %٠ |
| هەرگیز بەکاری ناهێنێت | ٠ | %٠ |
| گشتی | ١١٣ | |

٤- بەکارهێنان لە لای قوتابیان بۆ دو مەبەستی جیاواز بو لە ڕوانگەی باوانەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی دابەشبون بۆ سێ بەش کە (٦٠) قوتابی بۆ بەڕێکردنی کات، ئامێرەکان بۆ یاریکردن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەکاردەهێنا و (٢٣) قوتابی بە مەبەستی فێربون و زانیاری وەرگرتن بەکاریاندەهێنا، و (٣٠) قوتابی بۆ هەردو مەبەستی کات بەسەربردن و فێربون بەکاریاندەهێنا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## خستەڕوی ئەو ئامانجانەی کە لە توێژینەوەکە دیاریکرابون:

ئەنجامی یەکەم: ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی باوانەوە، توێژەران بە مەبەستی زانینی ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هەستان بەشیکردنەوەی داتای (١١٣) فۆرم کە بەسەر باوانی قوتابیاندا دابەشکرابو، پاشان هەریەک لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ناوەندی گریمانەی دەرهێنران، ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیبو لە (٤٤,٥٦٧) بو بە لادانی پێوەری (٨,٨٤٦) بە بەراورد بە ناوەندی گریمانەیی کە (٤٤) ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکەمان بەرزترە، بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری (T.TEST) بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ بەکارهێنا، کە بەهاکەی (٠,٦٧٦) ئەمەش بەپێی پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەڵگەداری ئاماری نییە، خشتەی خوارەوە ئەنجامەکە ڕونتر دەکاتەوە:

خشتەی(٤) ئەنجامی ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان

| نمونە | ناوەندە گریمانەی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەر | T.test | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١٣ | ٤٤ | ٤٤,٥٦٧ | ٨,٨٤٦ | ٠,٦٧٦ | لە ٠,٠٥ نیەتی |

بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە هەرچەندە ناوەندە ژمێرەیی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەرزترە لە ناوەندە گریمانەی بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەداری ئامار نییە، کەواتە ئەوە دەردەخات کە ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان کەمە لەلای نمونەی توێژینەوە بەگشتی، هەرچەندە ئەم ئەنجامە لەگەڵ شیکردنەوەی کاتی بەکارهێنانی ئامێرەکان یەکانگیر نییە، بەرای توێژەران ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوان لە ئێستادا زۆر لایەنگیری منداڵەکانیان دەکەن وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری بەکارهاتویان لە قازانجی منداڵەکانیان بوە.

ئەنجامی دوەم: جیاوازی ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی (دایک و باوک) بە مەبەستی دەرهێنانی ئامانجی دوەم لە توێژینەوەکەماندا هەستاین بە بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی باوکان و دایکان، ژمارەی باوکی بەشداربو بریتیبون لە (٤٩)، کە ناوەندی ژمێرەیان (٤٣,٢٧٦) بە لادانی پێوەری (٧,٥٤٨) و ژمارەی دایکان (٦٤)بو، کە ناوەندی ژمێرەیان (٤٥,٥١٥) بەلادانی پێوەری (٩,٦٣٧) بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی دایکان بەرزترە بە بەراورد بە باوکان، واتە ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرەکان ئەلیکترۆنییەکان بە بۆچونی دایکان زیاترە، بە بەکارهێنانی (T.TEST) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بە مەبەستی دەرهێنانی بەڵگەداری ئاماری بۆمان دەردەکەوێت (T.TEST)ەکە (١,٣٢٢) کە ئەمەش بەڵگەداری ئاماری نییە، واتە جیاوازی ئاماری لە نێوان بۆچونی دایکان و باوکان نییە سەبارەت بە ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، لە خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

خشتەی (٥) ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی (دایک و باوک)

| گۆڕاو | ژمارەیان | ناوندە ژمێرەیی | لادانی پێوەر | T.test | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| باوک | ٤٩ | ٤٣,٢٧٦ | ٧,٥٤٨ | ١,٣٢٢ | لە ٠,٠٥ نیەتی |
| دایک | ٦٤ | ٤٥,٥١٥ | ٩,٦٣٧ | | |

بەپێی خشتەی سەرەوە لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی دایکان بەرزترە لە باوکان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دایکان بۆچونیان زیاتر لەسەر ئەوەیە کە منداڵەکانیان زیاتر ئاڵودەبون بە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، بەڵام ئەم ئەنجامە بەڵگەداری ئاماری نییە لەبەرئەوی جیاوازی نێوانیان زۆر کەمە ئەمەش لەڕوی ئامارییەوە واتە جیاوازی لە نێوان باواندا نییە.

ئەنجامی سێیەم: ڕۆڵی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی باوانەوە، بە مەبەست دەرهێنانی ئامانجی سێیەم لە توێژینەوەکە توێژەران هەستان بە بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی ئەوانەی بەشداری خوێندنی ئەلیکترۆنیان کردبو لەگەڵ ئەوانەی بەشداریان نەکردبو، باوانی ئەو قوتابیانەی بەشداری خوێندنی ئەلیکترۆنیان کردبو (٦٣) بون، ناوەندی ژمێرەییان (٤٨,٣٨) و بە لادانی پێوەری (٦,٧٣٣) و باوانی ئەو قوتابیانەی بەشداری خوێندنی ئەلیکترۆنیان نەکردبو (٥٠) بون، ناوەندی ژمێرەییان (٣٩,٥٦) و بە لادانی پێوەری (٨,٨٤٨)بو، بە بەراوردکردن بە ناوەندی ژمێرەیی دەردەکەوێت، کە ناوەندە ژمێرەی ئەوانەی بەژداری خوێندنی ئەلیکترۆنیان کردوە زیاترە، بە بەکارهێنانی (T.TEST) بۆ بەڵگەداری ئاماری دو نمونەی سەربەخۆ (٥,٩٦٥) ئەمەش بەپێی پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەڵگەداری ئاماری هەیە، خشتەی خوارەوە ئەنجامەکە ڕونتر دەکاتەوە.

خشتەی (٦) ئاستی ئاڵودەبون بە ئامێرەکان ئەلیکترۆنییەکان لای قوتابیانی بنەڕەتی بەپێی بەشداریکردنیان

| گۆڕاو | ژمارەیان | ناوندە ژمێرەیی | لادانی پێوەر | T.test | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| بەشداری خوێندنی ئەلیکترۆنیان کردوە | ٦٣ | ٤٨,٣٨ | ٦,٧٣٣ | ٥,٩٦٥ | لە ٠,٠٥ هەیەتی |
| بەشداری خوێندنی ئەلیکترۆنیان نەکردوە | ٥٠ | ٣٩,٥٦ | ٨,٨٤٨ | | |

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە بەشداریکردن لە خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی هەبوە لە ئاڵودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، کە ئەمەش لەڕوی واقعیەوە گونجاوە چونکە قوتابی لەکاتی خوێندنی ئەلیکترۆنی پێویستە ماوەیەکی زیاتر ئامێرە ئەلیکترۆنیەکەی بەکاربهێنێت، کە ئەمەش وادەکات پەیوەستبونێکی زیاتر لای قوتابی دروست بکات و زیاتر هۆگری ئامێرە ئەلیکترۆنەیەکەی بێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## پێشنیار:

١- باوان زیاتر گرنگی بدەن بە کاتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لە لای قوتابیان بۆ ئەوەی لە ئالودەبون بیانپارێزن.

٢- بەردەوام سالانە لەکاتی خوێندنی ئاسایی لە قوتابخانەکان بەشێک لە خوێندنەکەیان بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی قوتابیان شارەزیان هەبێت لە بەکارهێنانی ئەم چالاکییە.

٣- پێویستە باوان بەر لەوەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بۆ منداڵەکانیان بکڕن ڕێنماییان پێببدەن سەبارەت بە چۆنیەتی و شێوازی بەکارهێنانی.

## ڕاسپاردە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر نمونەی قوتابیانی زانکۆکان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئالودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان پەیوەندی بە چەند گۆڕاوێکی دیمۆگرافیەوە.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئالودەبون بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان پەیوەندی بە فشاری دەرونی لای قوتابیانی ئامادەیی.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1**

# The Role of E-Learning in Addicting to Electronic Tools Among Primary Students From the Perspective of Parents

**Hazhar Qadir Ibrahim[1] - Lya Hassan Mhamad[2] - Aram Muhamad Saed[3] - Sivan Omer Esmael[4]**

1+3+4 Department of Kindergarten, College Basic of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Regien, Iraq.

[2]Department of Education and Psychology, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Regien, Iraq.

## Abstract:

The aim of this research is to identify the role of E-learning in addicting to electronic tools among primary students from the view of parents. Moreover، it is to recognize the variance in the level of addiction to electronic tools through the variable of mother and father as individuals. For this purpose، researchers prepared a measurement depending on a research measure by (Al-Swilmi، 2014)، which is comprised of 27 items. After extracting the specializations of the psychological measurement (validity and reliability)، the sample number of 113 parents were selected randomly، using T.TEST for one sample and two independent samples. The results were as follows: Generally، from a parent's view، they were not addicted to electronic tools، and it did not differ according to (father and mother) individually، but it revealed that E-Learning played a role in addicting these students to electronic tools، and consistent with the results، several recommendations and suggestions were presented.

**Keywords:** Electronic Learning، Addiction، Electronic Tools، Addiction to Electronic Tools.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## سەرچاوەکان:

بۆكانی، صابر بكر (٢٠١٦) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا – سلێمانی.

صــادق، شــاناز محمد و قادر، ســارا محســن (٢٠٢١) ڕۆڵی تۆرە كۆمەڵایەتییەكان لە دروســتكردنی ڕای گشــتیدا ســەبارەت بە خــوێــنــدنــی ئــەلــكــتــرۆنــی قــوتــابــیــانــی زانــكــۆی ســــەلاحــەدیــن، گــۆڤــاری زانــكــۆی ڕاپەڕیــن، DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper16

قادر، رەمەزان حمدامین (٢٠١٦) پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەی، چ١، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی.

لال، زكريا و الجندي، علياء (٢٠٠٥) الإتصال الإلكتروني و تكنولوجيا التعليم، ط٣، مكتبة العبيكان، الرياض.

ابراهيم، مروان عبدالمجيد (٢٠٠٠) أسس البحث العلمى، ط١، مؤسسه الوراق اللنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

أبو غزالة، ســميرة (٢٠١٠) فاعلية برنامج للإرشــاد بالواقع فى خفض حدة إدمان الانترنت ورفع تقدير الذات لدى طلاب الجامعة، مجلة الإرشاد النفسى، جامعة عين الشمس، مجلد(١) العدد(٢٥).

أحمد، ريهام مصـطفى محمد (٢٠١٢) توظيف التعليم الالكتروني لتحقيق معايير الجودة في العملية التعليمية، المجلة العربية لضـمان جودة التعليم الجامعي، العدد(٩) المجلد(٥) .

ارنوط، بشرا اسماعيل احمد(٢٠٠٧) ادمان الانترنت و علاقته بكل من ابعاد الشخصية و الاضطرابات النفسية لدى المراهقين، مجلة كلية التربية بالزقازيق، العدد(٥٥).

اسماعيل، فادي (٢٠٠٣) البنية التحتية لاستخدام تكنولوجيا المعلومات والاتصالات في التعليم، والتعلم عن البعد، دمشق.

بن مداني، منيرة (٢٠١٨) الادمان الالكتروني وعلاقته بالمعاش النفســي لدى الطالبات الجامعيات دراســة ميدانية بالإقامة الجامعية، جامعة محمد بوضياف- المسلية/ كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية.

الحازمي، عصـام بن عبد المعين بن غوض (٢٠٠٨) واقع الاسـتخدام التعليم الإلكتروني في مدارس أهلية مختارة بمدينة الرياض من وجهة نظر المعلمين و الطلاب، رسالة ماجستير، جامعة الملك سعود، المملكة العربية السعودية.

حسـن، ريبند نامق (٢٠١٥) تقدير الذات والعوامل الخمسـة الكبرى للشـخصـية لدى عينة من مدمني الإنترنت بمحافظة السـليمانية – العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، الجامعةالمنصورة، مصر

حمد، أمل كاظم (٢٠١٨) إدمان الأطفال والمراهقين على الانترنت وعلاقته بالانحراف، جامعة بغداد كلية التربية، مجلة العلوم النفسية، العدد(١٩)

حمد، أمل كاظم (٢٠١١) إدمان الأطفال والمراهقين على الانترنيت وعلاقته بالانحراف، جامعة بغداد، كلية التربية إبن هيثم.

الخفاجي، سامي (٢٠١٥) التعليم المفتوح والتعليم عن بعد أساس للتعليم الأليكتروني، الاكاديميون للنشر والتوزيع، عمان.

زيتون، حســن حســين (٢٠٠٥) رؤية جديدة في التعليم الاليكترونى – القضــايا التطبيق التقييم، المملكة العربية الســعودية، الدار الصوتية للتربية، الرياض.

سالم، أحمد(٢٠٠٤) تكنولوجيا التعليم و التعليم الإلكتروني، ط١، مكتبة الرشد، الرياض.

السقا، زياد هاشم و الحمداني، خليل إبراهيم (٢٠١٢) دور التعليم الإلكتروني في زيادة كفاءة وفاعلية التعليم المحاسبي، مجلة أداء المؤسسات الجزائرية – العدد ٢.

سـليمة، حمودة (٢٠١٥) الادمان على الانترنت: اضـطراب العصـر، جامعة قاصـدي مرباح ورقلة (الجزائر)، مجلة العلوم الإنسـانية والاجتماعية، العدد(٢١).

السـويلمي، شـذى بنت على محمد (٢٠١٤) إدمان إسـتخدام الأجهزة الإلكترونية الحديثة وعلاقته بالتفاعل الإجتماعي و الثقة بالنفس، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، رياض.

صـالح، منى هادي (٢٠١٣) دراسـة وتحليل تقانات التعليم الالكتروني، مجلة الاسـتاذ، جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشـد للعلوم الانسانية، العراق، العدد ٢٠٥، مجلد ١

الطائي، جعفر حسن جاسم (٢٠٠٦) التطبيقات الاجتماعية لتكنولوجيا المعلومات، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان.

طباس، نسـيمة و ملال، خديجة (٢٠٢١) الادمان على الانترنيت لدى الطلبة الجامعيين، مجلة الروافد، المجلد٠٥ (٠١) جون ٢٠٢١، ص ٣٨٣-٤٠٥.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

عبد المنعم، ابراهيم محمد (٢٠٠٣) التعليم الالكتروني في الدول النامية آمال وتحديات، الاتحاد الدولي للاتصـــالات (الندوة الاقلمية حول توظيف تقنيات المعلومات والاتصالات في التعليم)، مصر.

عبدالرووف، طارق (٢٠١٤) التعليم الاليكتروني والتعليم الأفتراضي، المجموعة العربية للتدريا والنشر، قاهرة.

عطية، رضا محمد (٢٠١٣) التعليم الاليكتروني كمستحدث تعليمي، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان.

علي، اسـما صـالح و عبدالرزاق، زينب سـمير (٢٠١٩) ادمان الانترنت و علاقته بالتسـويف الاكاديمى لدى عينه من طلبة الجامعة، المجلة أبحاث البصرة للعلوم الانسانية،العدد(٤)ب المجلد (٤٤)

علي، علي لطفي (٢٠١٧) متطلبات التعليم الإلكتروني في العملية التعليمية الجامعية جامعة، مجلة جيل العلوم الإنســانية والاجتماعية العدد (٢٨)

علي، أسـماء صـالح والاخرون (٢٠١٩) ادمان الانترنت وعلاقته بالتسـويف الاكاديمي لدى عينة من طلبة الجامعة، جامعة البصـرة، مجلة أبحاث البصرة للعلوم الانسانية،مجلد(٤٤) العدد(٤).

علي، محمد (٢٠١٠) إدمان الإنترنت في عصر العولمة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان

علي، محمد النوبي محمد (٢٠١٠) مقياس ادمان الانترنت لدى طلبة الجامعة الموهوبين، دارالصفاء للنشر والتوزيع، الاردن، عمان.

غلوم، منصــور (٢٠٠٣) التعليم الإلكتروني في مدارس التربية بدولة الكويت، ورقة عمل مقدمة لندوة التعليم الإلكتروني خلال الفترة ٢١ – ٢٣ إبريل، الرياض: مدارس الملك فيصل .

القاضـي، عدنان محمد عبده (٢٠٢٠) المسـائدة الاجتماعية و علاقتها بادمان الانترنت لدى طلبة كلية التربية جامعة تعز، مجلة العلوم النفسية والتربية،مجلد (٦) العدد(٣)

المبيريك، هيفاء (٢٠٠٣) "التعليم الإلكتروني: تطوير طريقة المحاضــرة في التعليم الجامعي باســتخدام التعليم الإلكتروني مع نموذج مقترح"، ورقة عمل مقدمة (لندوة مدرسة المستقبل) :٢٣-٢٤ أكتوبر، كلية التربية، جامعة الملك سعود.

محمد، تهامي و مصـــعب، جعفورة (٢٠١٩) الآثار الســـلبية لإدمان الإلعاب الإلكترونية لدى الأطفال، جامعة عمار ثليجي بالأغواط؛ الجزائر. ص ٨٧- ٩٥.

المحيسن، إبراهيم و هاشم، خديجة (٢٠٠٨) التعليم العالي عن بعد باستخدام شبكة المعلومات الدولية، ورقة عمل مقدمة للمؤتمر الثالث لإعداد المعلم، مكة المكرمة، جامعة أم القرى، كلية التربية المجلد(٢١)العدد(١٩).

المصري، وليد محمد (٢٠٠٦) الأسرة العربية و هوس الانترنت، مجلة العربي، الكويت، العدد(٥٧٥)

موسـى، ابتسـام صـاحب و الاعرجي، دريد موسـى (٢٠٢٠) معوقات تطبيق التعليم الالكتروني من وجهة نظر معلمي اللغة العربية ومعلماتها، مجلة اكاديمية البورك للعلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد (١) العدد (٢)

الموســـى، عبدالله بن عبدالعزيز و مبارك، أحمد بن عبدالعزيز (٢٠٠٥) التعليم الإلكتروني الأســـس و التطبيقات، الرياض، مكتبة العبيكان .

نبيل، عكنوش (٢٠١٧) التعليم الالكتروني والتعليم عن بعد بالجامعة الجزائرية، مجله المكتبات والمعلومات عدد٣

يوسـف، مي موس (٢٠٠٩) إدمان الانترنت وعلاقته بإدارة الذات لدى عينة طلاب الجامعة دراسـة إرتباطية، مجلة الخدمة النفسـية المجلد ٩، العدد ١.

المستشفى التعافي، ٢٠٢٠: mailto:Help@altaafi.com

www.internetsociety.org/tag/global-internet-report



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1**